# هندسة الخطاب الإعلامي الكردي المعاصر من منظور الاستعارة المفاهيمية

سيما كمال احمد رضا
جامعة کەرکوک , كلية التربية للعلوم الانسانية / قسم اللغة الكوردية
eskm24007@uokirkuk.edu.iq

پ.ی.د. ليلى جليل عباس
جامعة کەرکوک , كلية التربية للعلوم الانسانية / قسم اللغة الكوردية
dr.layla1972@uokirkuk.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** تحليل الخطاب النقدي، اللسانيات المعرفية، مرحلة ما بعد التقليدية، الأيديولوجيا وصراع القوة، الشخصنة الاصطناعية، المجال المصدر والمجال الهدف.

**كيفية اقتباس البحث**

رضا , سيما كمال احمد , ليلى جليل عباس, هندسة الخطاب الإعلامي الكردي المعاصر من منظور الاستعارة المفاهيمية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
ROAD

Indexed مفهرسة في
IASJ

# Engineering contemporary Kurdish media discourse from the perspective of conceptual metaphor

**Sima Kamal Ahmad Reza**
**University of Kirkuk**
**-College of Education for the Humanities**
**–Department of Kurdish Language**
**eskm24007@uokirkuk.edu.iq**

**Lily Jalil Abbas**
**University of Kirkuk**
**-College of Education for the Humanities**
**–Department of Kurdish Language**
**Dr.Layla1972@uokirkuk.edu.iq**

**Keywords** : Critical discourse analysis, cognitive linguistics, post-traditional phase, ideology and power struggle, artificial personalization, source domain and target domain.

**How To Cite This Article**
Sima ,Kamal Ahmad Reza ,Lily Jalil Abbas ,Engineering contemporary Kurdish media discourse from the perspective of conceptual metaphor ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

ملخص
تستقصي هذه الدراسة مفهوم الاستعارة المفهومية في الخطاب الاجتماعي، وتستعرض دورها الديناميكي في إنتاج المعنى، وصياغة العلاقات الإنسانية، وتجليات صراع القوة والأيديولوجيا في المجتمع. تتبلور المشكلة الرئيسة للبحث في كيفية تأثير الخلفيات النفسية والثقافية، وسياقات الزمان والمكان على تشكيل المعنى داخل الخطاب؛ لاسيما في ظل المرحلة الراهنة التي يمر بها الإعلام

الكردي والمعروفة بمرحلة (ما بعد التقليدية)، والتي فقد فيها هيمنته السلطوية القديمة. تهدف هذه الدراسة إلى الكشف عن الاستراتيجيات الحديثة التي يوظفها الإعلام المرئي الكردي لإقناع المتلقي، إلى جانب تحليل دور الاستعارة بوصفها أداة خطابية ومعرفية (إدراكية) لتوجيه وعي الجمهور وفهمه. ولتحقيق هذه الأهداف، اعتمدت الدراسة على المنهج الوصفي التحليلي. أما في الإطار النظري، فقد استندت إلى رؤى (نورمان فيركلوف) في تحليل الأبعاد الاجتماعية للخطاب، ونظرية اللسانيات المعرفية لـ (لايكوف وجونسون) في تحليل الاستعارة. كما اتخذت الدراسة من البرنامج البيئي (خاكەرایی - الترابي) نموذجاً للتطبيق والتحليل العملي.
يعتمد هذا البحث على التحليل الوصفي. ومن الناحية النظرية، يتناول الجانب الوصفي للموضوع في إطار نظريات تحليل الخطاب الاجتماعي (نورمان فيركلاف وتيون فان دايك) ونظرية الاستعارة المفاهيمية (جورج لايكوف ومارك جونسون)، كما يحلل الخصائص النصية للاستعارات الواردة في البرنامج التلفزيوني المعني.
حدود الدراسة:
الحدود الموضوعية: الاستعارة المفاهيمية في الخطاب الاجتماعي وانعكاساتها في وسائل الإعلام المرئية.
الحدود البشرية/نموذج الدراسة: البرنامج التلفزيوني البيئي "الأرض" (Earth) كنموذج للتحليل التطبيقي.
وسائل الإعلام المرئية الكردية في إقليم كردستان خلال الفترة المعاصرة/الراهنة (مرحلة ما بعد التقليدية).

Abstract

This study investigates the concept of metaphor within social discourse and its dynamic role in meaning production, shaping human relations, and the manifestations of power and ideological struggles within society. The primary problem of the research centers on how psychological and cultural backgrounds, alongside the contexts of time and space, influence the construction of meaning within discourse; particularly in the current era where Kurdish media is navigating a "post-traditional" phase, having lost its former authoritarian hegemony. This study aims to uncover the modern strategies employed by Kurdish visual media to persuade the audience, while analyzing the role of metaphor as a discursive and cognitive tool used to direct the viewer's understanding and perception.
To achieve these objectives, the study adopts a descriptive-analytical approach. In terms of the theoretical framework, it draws upon Norman Fairclough's insights regarding the social dimensions of discourse, and Lakoff and Johnson's Conceptual Metaphor Theory within cognitive linguistics. Furthermore, the environmental television program Khakerayi (The Earthy) is utilized as the practical model for analysis and application.
Keywords: Critical Discourse Analysis (CDA), Cognitive Linguistics, Post-Traditional Phase, Ideology and Power Struggles, Synthetic Personalization, Source and Target Domains.
The research is based on descriptive analysis. Theoretically, the descriptive aspect of the subject within the framework of theories of social discourse analysis (Norman Firklav and John Dayk) and theory It explains the conceptual

metaphor of Lykoff and Johnson, and analyzes the textual quality of the metaphors in the territorial program opens the door.

Limitations of the study

Thematic boundaries: Conceptual metaphor in social discourse and its reflection in visual media.

Human Limits/Example: The environmental television program “Earth” as an example of practical analysis.

Kurdish Visual Media in the Kurdistan Region in the Contemporary and Present Period (Post-Traditional Period)

**ئەندازیاریکردنی گوتاری میدیایی هاوچەرخی کوردی لە ڕوانگەی مێتافۆڕی چەمکیەوە .**

سیما کمال احمد رضا
زانکۆی کەرکوك
– کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
– بەشی زمانی کوردی
eskm24007@uokirkuk.edu.iq

پ.ی.د. لیلی جلیل عباس
زانکۆی کەرکوك
– کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
– بەشی زمانی کوردی
dr.layla1972@uokirkuk.edu.iq

پوختەی باس :

ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ چەمکی مێتافۆر لە گوتاری کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی داینامیکی ئەو لە بەرهەمهێنانی مانا، دارشتنی پەیوەندییە مرۆییەکان و ململانێی هێز و ئایدۆلۆژیا لە کۆمەڵگادا دەکات. کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە چۆن پاشخانی دەروونی، کلتووری، و کۆنتێکستی کات و شوێن ، کاریگەری لەسەر دارشتنی مانا لە ناو گوتاردا دروست دەکەن، بە تایبەتی لە ئێستادا کە میدیای کوردی لە قۆناغی (پاش نەریتی) دایە و هێزموونی کۆنی دەسەڵاتخوازی لەدەستداوە. دەرخستنی ئەو ستراتیژە نوێیانەیە کە میدیای بینراوی کوردی بۆ ڕازیکردنی بینەر بەکاریان دەهێنێت، لەگەڵ شیکردنەوەی ڕۆڵی مێتافۆڕ وەك ئامرازێکی گوتاری و مەعریفی بۆ ئاراستەکردنی تێگەیشتنی وەرگر.توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی وەسفی-شیکاری بەستووە، و لە چوارچێوەی تیۆریشدا سوودی لە تێروانینەکانی (نۆرمان فێرکلاف) بۆ شیکردنەوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی گوتار، و تیۆری زانستی زمانی درکپێکردن (لایکۆف و جۆنسۆن) بۆ شیکردنەوەی مێتافۆڕ وەرگرتووە. نموونەی شیکاریی پراکتیکی توێژینەوەکەش بریتییە لە بەرنامەی ژینگەیی (خاکەرایی) .

کلیله وشەکان: شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار، زمانەوانیی درکپێکردن، قۆناغی پاش نەریتی، ئایدۆلۆژیا و هێز، کەساندنی دەستکرد، بواری سەرچاوە و ئامانج.

**کێشەی توێژینەوەکە**

میدیای بینراوی کوردی لە ئێستادا لە قۆناغی (پاش نەریتی) دایە و هەژموونی زمانی فەرماندەیی و دەسەڵاتخوازیی کۆنی لەدەستداوە، ئەمەش هۆکارە بۆ دروستبوونی جۆرێك لە قەیرانی متمانە لە نێوان میدیا و بینەردا. کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە چۆن پاشخانی دەروونی، کلتووری، ململانێی هێز، و کۆنتێکستی کات و شوێن کاریگەری لەسەر داڕشتنی مانا لە ناو گوتاری کۆمەڵایەتیدا دروست دەکەن؛ و میدیای کوردی چۆن ستراتیژی مێتافۆڕی چەمکی وەك ئامرازێکی نائاگایی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم قەیرانە و ئاراستەکردنی بیرکردنەوەی وەرگر بەکاردەهێنێت.

پرسیارەکانی توێژینەوەکە

پرسیاری سەرەکی: مێتافۆڕی چەمکی لە گوتاری کۆمەڵایەتیی میدیای بینراوی کوردیدا چۆن کاردەکات و چ کاریگەرییەکی لەسەر بەرهەمهێنانی مانا و ئاراستەکردنی بینەر هەیە؟

پرسیارە لاوەکییەکان: ئەو ستراتیژە زمانی و گوتارییە نوێیانە چین کە میدیای کوردی لە قۆناغی (پاش نەریتی)دا بۆ ڕازیکردنی بینەر بەکاریان دەهێنێت؟

ئامانجەکانی توێژینەوەکە

دەرخستنی پەیوەندی نێوان گوتار و ئایدۆلۆژیا لە داڕشتنی مەعریفەی کۆمەلایەتی . ناساندنی ئەو ستراتیژە نوێیانەی میدیای کوردی (وەك تەکنەلۆژیزەکردنی گوتار و کەساندنی دەستکرد) کە بۆ ڕاکێشانی نائاگایی جەماوەر بەکاریان دەهێنێت.

شیکردنەوەی دینامیکی مێتافۆڕ لە زماندا و دەرخستنی ڕەهەندەکانی ( شەریعەتدان بە توندوتیژی یان کۆنترۆڵ ) پێشکەش کردنی مۆدێلێکی پراکتیکی بەرنامەی ( خاکەڕایی ) بۆ نیشاندانی ئەوەی کە چۆن مێتافۆڕ چەمکە ووشەکان دەگۆڕێت بۆ بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقی و سۆزداری .

میتۆدی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە پشتی بە «ڕێبازی وەسفی – شیکاری بەستووە. لە ڕووی تیۆرییەوە لایەنی وەسفی بابەتەکە لە چوارچێوەی تیۆرییەکانی شیکردنەوەی گوتاری کۆمەڵایەتی (نۆرمان فێرکلاف و ڤان دایك) و تیۆری مێتافۆڕی چەمکی (لایکۆف و جۆنسۆن) ڕوون دەکاتەوە، و  بە شێوازی کواڵیتی دەقی مێتافۆڕەکانی ناو بەرنامەی "خاکەڕایی" هەڵدەوەشێنێتەوە و شی دەکاتەوە.

سنوورەکانی توێژینەوەکە

سنووری بابەتێتی : مێتافۆڕی چەمکی لە گوتاری کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی لە میدیای بینراودا.

سنووری مرۆیی/نموونە : بەرنامەی تەلەفزیۆنیی ژینگەیی «خاکەڕایی» وەك نموونەی شیکاریی پراکتیکی.

سنووری کاتی و شوێنی : میدیای بینراوی کوردی لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی هاوچەرخ و ئێستادا (قۆناغی پاش نەریتی)

پێشەکی

زمان لە کایەی شیکردنەوەی گوتاردا تەنها ئامرازی گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی دینامیکی کۆمەڵایەتییە بۆ بەرهەمهێنانی مانا و ئاراستەکردنی نائاگایی تاکەکان. گوتاری کۆمەڵایەتی وەك کایەیەکی زیندوو، ڕەنگدانەوەی تەواوی ململانێ فیکری، ئایدۆلۆژی و دەسەڵاتخوازییەکانی ناو جەرگەی کۆمەڵگایە، کە تێیدا میدیای بینراو هەمیشە وەك هێزێکی کاریگەر بۆ گواستنەوە یان گۆڕینی ئەم گوتارە کاردەکات.

لەگەڵ چوونە ناو قۆناغی (پاش نەریتی) و نەمانی هەژموونی زمانی فەرماندەیی، میدیای بینراوی کوردی بۆ ڕازیکردنی بینەر پەنای بردووەتە بەر تەکنیکە نوێیەکانی گوتار، کە لە سەرووی هەموویانەوە «مێتافۆڕی چەمکی»یە. مێتافۆڕ لێرەدا چیتر تەنها جوانییەکی ئەدەبی نییە، بەڵکو میکانیزمێکی ناسراوی قووڵە کە مێشکی مرۆڤ بەکاریدێنێت بۆ تێگەیشتن لە چەمکە ئاڵۆزەکان لە ڕێگەی ئەزموونە ڕۆژانەییەکانەوە، و میدیاش وەك ستراتیژێك بۆ دروستکردنی هاوسۆزی، چەسپاندنی هێز، یان پەراوێزخستنی ئەوی تر بەکاری دەهێنێت.گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بە پشتبەستن بە مێتۆدی وەسفی-شیکاری، هەوڵدەدات ڕەهەندە شاراوەکانی پشت مێتافۆڕە میدیاییەکان هەڵبماڵێت. بۆ ئەم مەبەستەش، لە ڕووی تیۆرییەوە سوود لە تێڕوانینەکانی (نۆرمان فێرکلاف) بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی گوتار، و تیۆری درکپێکردن (لایکۆف و جۆنسۆن) بۆ هەڵوەشاندنەوەی مێتافۆڕەکان وەرگیراوە. لە لایەنی پراکتیکیشدا، بەرنامەی ژینگەیی (خاکەرایی) وەك نموونەی شیکاری هەڵبژێردراوە تا پێشان بدرێت چۆن میدیا لایەنی زانستی دەگۆڕێت بۆ دۆسیەیەکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ داینامیکی «مێتافۆڕی چەمکی» لە ناو گوتاری کۆمەڵایەتیدا دەکات و پێشان دەدات کە چۆن زمانی چوارچێوەکراوی ململانێی هێز، ئایدۆلۆژیا و بەرهەمهێنانی مانایە کە لەژێر کاریگەری پاشخانی دەروونی و کۆنتێکستی کات و شوێندا دادەڕێژرێتەوە. توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر میدیای بینراوی کوردی لە قۆناغی هاوچەرخی (پاش نەریتی)دا، کە چۆن بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی متمانە و نەمانی زمانی فەرماندەیی، پەنا دەباتە بەر دوو ستراتیژی ئەندازیاریکراو؛ یەکەمیان «تەکنەلۆژیزەکردنی ئاخاوتن» لە ڕێگەی ڕاهێنانی پێشکەشکاران لەسەر دەنگ و جووڵە، و دووەمیان «کەساندنی دەستکرد» بە بەکارهێنانی زمانی سادەی ناوماڵ بۆ تێکدانی سنووری نێوان بواری گشتی و تایبەت بە مەبەستی ڕازیکردنی نائاگایی بینەر. هاوکات، لێکۆڵینەوەکە ڕەهەندە کۆنتڕۆڵکاری و مەترسیدارەکانی مێتافۆڕ شی دەکاتەوە (وەك مێتافۆڕی باوکایەتی بۆ چەسپاندنی دەسەڵات، یان بەشەیتانکردنی نەیارەکان بە وێناکردنیان وەك میکرۆب بۆ شەرعیەتدان بە توندوتیژی)، و لە کۆتاییدا لە ڕێگەی شیکردنەوەیەکی پراکتیکی بۆ بەرنامەی ژینگەیی «خاکەرایی» دەسەلێنێت کە چۆن پرۆسەی نەخشاندنی مێتافۆڕیی (گواستنەوە لە بواری سەرچاوەی کۆنکرێتەوە بۆ بواری ئامانجی ئەبستراکت، وەك وێناکردنی ژینگە وەك دایك یان جەستەیەکی زیندوو) دەبێتە هۆی گۆڕینی چەمکە زانستییە ئاڵۆزەکان بۆ بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقی، سۆزداری و کۆمەڵایەتی قووڵ لە لای وەرگر.

گوتاری کۆمەلآیەتی :

گوتاری کۆمەلآیەتی یەکێکە لەو چەمکانەی ڕۆڵێکی گرینگ لە تێگەیشتن لە پەیوەندییە مرۆیی و کۆمەلآیەتیەکاندا دەبینێت , چونکە زمان تەنها ئامرازێکی گواستنەوەی زانیاری نیە , بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی مانا و ڕێکخستنی کارلێکی نێوان تاك و کۆمەڵ لەناو کۆمەڵگەدا . گوتاری کۆمەلآیەتی وەك شێوازێکی کارلێکی زمانەوانی و کۆمەلآیەتی دەبینرێت کە لە چوار چێوەی کۆنتێکست و پراکتیکە کۆمەلآیەتیەکاندا , مانا بەرهەم دەهێنێت گوتار تەنها دەربڕینێکی زمانی نیە , بەڵکو پرۆسەیەکە کەلەڕێگەی ئەودا تاکەکان و گروپە کۆمەلآیەتیەکان پەیوەندی بەیەکەوە دەبەستن وە بیر و بۆچوونە هاوبەشەکانیان دەردەبڕن. بۆیە مانا لەگوتاردا , تەنها بەهۆی ووشەکانەوە دروست نابێت , بەڵکو بەپێیی بارودۆخی

کۆمەڵایەتی و کلتووری کۆنتێکستی قسەکردن پێکدێت . (van dijk , 1998, 28-33 ) . کەواتە ماناکەی بە پێیی شوێن و کات و کلتووری ئەو کۆمەڵگایە دیاری دەکرێت کە تێیدا بەکاردێت .لە گوتاری کۆمەڵایەتیدا , کارلێکی کۆمەڵایەتی بنەمای سەرەکی دروست بوونی مانایە تاکەکان لە کاتی قسەکردن یان نووسین تەنها زانیاری ناگوازنەوە , بەڵکو هەوڵدەدەن پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ڕێك بخەن و هەڵوێست و بۆچوونەکانیان ئاڕاستە بکەن , لەبەر ئەوە گوتار بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانە و لە ناو کارلێکی مرۆیدا مانا و کار کردنی خۆی وەردەگرێت . هەروەها کارلێکە دەروونیەکانیش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە , چونکە تاکەکان بە پشت بەستن بەو باوڕ و زانیاریانەی لە مێشکیاندا هەیە مانا لە گوتاردا دروست دەکەن , بەڵام مانا لەکۆتایدا لەچوارچێوەی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا ڕوون دەبێتەوە .(هەمان سەرچاوەی پێشوو , ٣٤-٤٠ ) . کەواتا کاتێك قسە دەکەین , پاشخانی دەروونی و زانیاریەکانی ناو مێشکمان بەکاردێنین بۆ گەیشتن بە مانا . گوتار هەمیشە لە کۆنتێکستێکی دیاریکرادا بەرهەم دێت . وە بێ لە بەرچاو گرتنی کۆنتێکست تێگەیشتن لە مانا تەواو نابێت هەرگوتارێك پەیوەستە بە بارودۆخی کاتی و شوێن , کلتووری و کۆمەڵایەتی خۆی بە پێیی ئەو بارو دۆخەش شێوازی دەربڕین کاریگەریەکەی دەگۆڕێت بۆیە , هەمان ووشە یان دەربڕین دەتوانێت لە کۆنتێکستێکی جیاوازدا مانایەکی تر بەرهەم بهێنێت . لەم ڕوانگەیەوە گوتار پرۆسەیەکی چالاکە , کە مانا بەشێوەیەکی بەردەوام لە ناو بارودۆخە جیاوازەکاندا بەرهەم دەهێنێت و نوێ دەکرێتەوە .( هەمان سەرچاوەی پێشوو , ٤١-٤٥) . بۆیە دەکرێت ڕستەیەکی نەگۆڕ لە دووشوێن یان لە دووکاتی جیاواز دا دەکرێت دوو مانایی تەواو دژ بەیەك ببەخشێت . هەروەها گوتار وەك ئامرازێك بۆگروپە کۆمەڵایەتیەکان کار دەکات . گروپەکان لە ڕێگەیی گوتارەوە ناسنامە و بۆچوون و هەڵوێستە هاوبەشەکانیان دەردەبڕن , و هەوڵدەدەن کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی ئەوانی تر دروست بکەن لە ڕێگەیی گوتارەوە کۆمەڵ دەتوانێت , باوڕو ئایدیا هاوبەشەکانیان بڵاو بکەنەوە و شوێنی خۆیان لە ناو کۆمەڵگادا دیاری بکەن . بۆیە گوتار تەنها ئامرازێکی گواستنەوەی زانیاری نیە , بەڵکو بەشدارە لە دروستکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێکخستنی کارلێکی نێوان تاك و کۆمەڵ , لەهەمان کاتدا گوتار بەشێکە لە پراکتیکە کۆمەڵایەتیەکان , واتا گوتار لە ژیانی ڕۆژانەدا لە ناو چالاکی و کردە کۆمەڵایەتیەکاندا کاردەکات و بەپێی پێویستی بارودۆخەکان دەگۆڕێت . قسەکەر لە گوتارەکەیدا ڕەچاوی وەرگر و دۆخی کۆمەڵایەتی دەکات و بە شێوەیەکی ستراتیژی مانا ئاڕاستە دەکات , بۆیە گوتار پرۆسەیەکی چالاك و گۆڕاوە , نەك سیستەمێکی جێگیر و داخرا . .( هەمان سەرچاوەی پێشوو , ٤٦-٦٢ )هەروەها گوتار تەنها هاوکاریەکی سادە نیە , بەڵکو بەشدارە لە گۆڕانکاری و پیکهاتەکانی ماناو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان . (winkelmann, 1991,6 ). مرۆڤەکان لە کاتی قسەکردندا پلانڕێژی دەکەن و سەیری بەرامبەرەکانیان دەکەن تا بزانن چۆن قسە بکەن ئەمەش وادەکات گوتار هێزێکی داینامیکی و گۆڕاوبێت کە دەتوانێت پێکهاتەی پەیوەندیەکان و تەنانەت تێگەیشتنی کۆمەڵگاش بگۆڕێت . گوتار بەستەری نێوان تاك و کۆمەڵگایە , چونکە لە ڕێگەی ئەودا بیر و هەڵوێست و باوڕەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا مانا و کاریگەری وەردەگرن , باوڕو ئایدیاکان لە ڕێگەی گوتارەوە دەبنە بەشێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە کارلێکی ڕۆژانەدا بڵاو دەبنەوە بۆیە , گوتار تەنها لە ناو دەق و قسەدا نامێنێتەوە , بەڵکو کاریگەریەکانی بۆ پەیوەندیە مرۆیەکان و ڕێکخستنی کۆمەڵ و بەرهەم هێنانی مانا لە کۆمەڵگادا درێژدەبێتەوە.( van dijk , 1998, 131 ) . لێرەدا گرینگی گوتار دەگاتە لووتکە , چونکە پردی گواستنەوەی بیرۆکە تایبەتەکانی ناو مێشکی تاکە بۆناو واقیعی کۆمەڵگا , لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە ڕەفتاری گشتی و بەها کۆمەڵایەتیەکان نەخش دەکرێن .



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئایدۆلۆژیاو پەیوەندی بە گوتاری کۆمەڵایەتیەوە :

ئایدۆلۆژیا لە گوتاری کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە , چونکە لە ڕێگەی زمان و گوتارەوە بیرکردنەوە و تێگەیشتنی کۆمەڵگا وە شێوە دەکات . ئایدۆلۆژیا لە گوتاری کۆمەڵایەتیدا , وەك پێکهاتەیەکی بنەڕەتی کار دەکات , کە لە شێوازەکانی قسەکردن و شێوازەکانی بینین پێکهاتووە , ئەم دووانە لەیەکتر دانەبڕاون و شێوازی قسەکردن و وەك نۆرم و یاسایی زمانی دامەزراوەکان دەچەسپێنێت , لەکاتێکدا شێوازی بینین چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی دروست دەکات , کەبەهۆیەوە مرۆڤ شتەکان وەك ڕاستیەکی سروشتی و ئاسایی دەبینێت .کاتێك مرۆڤ زمان و گوتاری دامەزراوەیی فێر دەبێت , بەشێوەیەکی نائاگایانە ئایدۆلۆژیایی ناو ئەو دامەزراوەیە وەردەگرێت , چونکە گوتار خۆیی بووەتە کایەیەکی ململانێی دەسەڵات و هێز , کەتێیدا دەسەڵات تەنها سیاسەت یان ئابووری نیە , بەڵکو توانای سەپاندنی مانا و دیاریکردنی ئەوەیە , کە چی بگوترێت و چی وەك ڕاستی قبوڵ بکرێت . (fírclough,1995,40-42) لە ژێر ئەم ڕەهەندەدا , ئایدۆلۆژیا زۆرجار بەرژەوەندیە ڕاستەقینەکان دەشارێتەوە , وەك سیستەمێکی ماناساز کاردەکات کە لە ناو زماندا مانایەك جێگیر دەکات و ڕێگە لە ماناکانی تر دەگرێت , ( karl mannheim, 1995 ,722)هەروەها وادەکات مرۆڤ وابزانێت قسەکانی خۆی سەربەخۆن کاتێك لە ڕاستیدا لە چوار چێوەی ئایدۆلۆژیا کار دەکات . لە ڕەهەندی میدیایدا , ئایدۆلۆژیا تەنها جێگیر کردنی مانا نیە , بەڵکو بە شێوەیەکی نوێ مرۆڤ دەخاتە ناو جیهانێکی ناجێگیر کە تێیدا بەردەوام لە نیشانەیەکەوە بۆ نیشانەیەکی تر دەگوازرێتەوە , وەك لە میدیای بینرا و پلاتفۆرمەکانی وەك ( tik tok , instagram) کە سکرۆڵ کردنی بەردەوام دروست دەکەن و لەسەر یەك بیرۆکە جێگیر بوون کەم دەکەنەوە , ئەمەش دەبێتە بەشێك لە ئایدۆلۆژیایی سەرمایەداری کە هەمیشە خواستی شتی نوێ دروست دەکات و بیرکردنەوەی قووڵ کەم دەکاتەوە . میدیای بینراو کاریگەری دوورینەوەی شەقەکانی واقیعە ئەرکی میدیایی ئایدۆلۆژی ئەوەیە ئەو شەق و کەلێنانەیی لە ژیانی ئێمەدا هەن بە وێنەو دروشمی بریقەدار بدورێتەوە ( eagleton,1991, 198-200 ) لە ئاستی کۆزانین ( المعریفە ) دا , ئایدۆلۆژیا بە هۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتیەوە جیاوازە لە کۆزانین , چونکە زانین هەوڵی گشتگیری دەدات , بەڵام ئایدۆلۆژیا زۆرجار تێگەیشتنێکی کۆمەڵ و تایبەتە کە وەك ڕاستی پێشکەش دەکرێت , بەم شێوەیەش مۆدێلی مێشکی مرۆڤ دروست دەبێت ( ڕێزمانێکی کۆمەڵایەتیە لە مێشکدا ) بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان و بیڕیاردان لەسەر کردەوەی کۆمەڵایەتی .ئایدۆلۆژیا بەشێکی ناوخۆیی مێشك و کۆمەڵگایە کە لەناو پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گوتاردا دروست دەبێت و کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی کۆمەڵایەتی هەیە , ڤان دایك پێمان دەڵێت بۆ ئەوەی لە ئایدۆلۆژیا تێبگەین نابێت تەنیا سەیری گوتار بکەین یان تەنیا سەیری کۆمەڵگە بکەین .(van dijk , 1998 , 130-131 ) لەکۆتایدا , ئایدۆلۆژیا لە گوتاری کۆمەڵایەتیدا بە شێوەیەکی نائاگایانە دروست و جێگیر دەبێت و کاریگەری لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەنی مرۆڤ دادەنێت . بۆ تێگەیشتن لە گوتاری میدیایی کوردییتەنیا سەرنجدانی ڕووکەشی گوتارەکە بەس نییە کە گوزارشت لە ئاستی ماکرۆ (micro) دەکەن . بەڵکو دەبێت بە ووردیی سەیری پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکان بکرێت کە نوێنەرایەتی ئاستی ماکرۆ ( macro)کاتێك شیکردنەوەی زمانەوانیی تەنیا پێمان دەڵێت (چی دەوترێت )چەمکی پراکتیەکە کۆمەڵایەتییەکان دەروازەیەکمان بۆ دەکاتەوە تا بزانین ( چی دەوترێت و کێ لە پشتێتی ) لە ڕابردوودا تەنیا پشت بەستن بە گوتارێکی نەریتی ئاینی یان کۆمەڵایەتی بەس بوو بۆ قەناعەتپێکردنی جەماوەرو ڕازیکردنیان , بەڵام ئەمڕۆ هاوکێشەکە گۆڕاوە و میدیایی کوردی چۆتە ناو ( پاش

نەریتی ) یەوە . بە پێیی تیۆری نۆرمان فێرکلاف (norman fairchough ) پاش نەریتی بە واتای نەمان یان سڕینەوەیی تەواوەتی نەریت نایەت , بەڵکو بەو مانایەیە کە پێگەو نەریت لە کۆمەڵگەدا گۆڕانی بەسەر هاتووە .(fairclough,1995,237 ) کاتێك دەوترێت میدیایی کوردی لەم قۆناغەدایە ,ئاماژەیە بۆئەوەی کە هەژموونە کۆنەکە کەوتووە , چیتر بیژەر یان پێشکەشکار ناتوانن بە زمانی فەرمان و لو پێگەیی دەسەلآتخوازییەوە بلێت , ئێمەدەسەلآتین و دەبێت گوێمان لێبگرن , لەم ژینگە نوێیەدا میدیا بینراوە کوردیەکان ناچارن لە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستان و نیشاندانی کەشێکی گفتوگۆییەوە بینەر ڕازی بکەن , بۆ ئەمەش پێویستیان بەبەکارهێنانی تەکنیکەکانی نەرمکردن و بەرزکردنەوەی گوتار هەیە تا پێگەیی خۆیان لە ناو کۆمەڵگەدا بپارێزن .

ستراتیژیەکانی گوتاری میدیایی ( تەکنەلۆژیزەکردنی و کەساندنی دەستکرد ):

لەسەر بنەمای گۆڕانکارییەکانی قۆناغی پاش نەریتی , میدیایی کوردی دوو ستراتیژی سەرەکی بۆ چەسپاندنی هەژموونی نوێی خۆی بەکاردێنێت :

١-تەکنەلۆژیزەکردنی گوتار (technologization of discourse ) لەمیدیای هاوچەرخی کوردیدا , زمان تەنیا ئامرازێکی سروشتی قسەکردن نییە , بەڵکو گۆڕدراوە بۆ تەکنەلۆژیا . کاتێك پێشکەشکارێك یان بێژەرێك لەلایەن پسپۆڕانی کەناڵێك یان دەزگایەك ڕادەهێنرێت لەسەر ئەوەی کە چۆن تۆنی دەنگی بەرز و نزم بکات , کەی بێدەنگ بێت , و لە چ چرکەیەکدا چ جۆرە وشەیەك یان جووڵەیەکی جەستە بەکار بهێنێت ئەمە ڕێك پرۆسەی تەکنەلۆژیزەکردنی گوتارە . ( هەمان سەرچاوەی پێشوو , ١٣٥-١٣٧) ئەم پرۆسەیە هەوڵێکە بۆ داماڵینی زمان لە ڕەهەندە مرۆیی و خۆرسکەکەی و گۆڕینی بۆ ئامرازێکی ئەندازیارییکراوی کاریگەر بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر و ئاراستەکردنی نائاگاییان .

٢-پرۆسەی نارەسمیکردن و کەساندنی دەستکرد ( personalization synthetic ) یەکێك لە ڕەهەندە هەرە دیارەکانی ئەم ئەندازیارییە گوتارییە , پرۆسەی نارەسمیکردنی زمانە , پێشکەشکارەکان هەوڵدەدەن زۆر هاوڕێیانە و سادە بە بەکارهێنانی زمانی گفتوگۆی ناو ماڵ لەسەر شاشە دەرکەون . ئەم ستراتیجیە زمانیە لە ڕاستیدا هەوڵێکە بۆ تێکدانی سنورەکانی نێوان بواری گشتی ( میدیا وەك دەسەلآت ) و بواری تایبەت ( ناوماڵ و خێزان ) لە پشت ئەم زمانە سادە و هاوڕێیانە سەر شاشەوە , تەکنیکێکی ئایدۆلۆژی قووڵ هەیە کە پێیی دەوترێت ( کەساندنی دەستکرد ) لێرەدا میدیاکارەکە وا خۆیی نیشان دەدات کە هاوڕێیی نزیك و خەمخۆری ڕاستەقینەی بینەرە , بەلآم ئەم نزیکبوونەوەیە میتافۆر یان سۆزێکی خۆڕایی نییە , بەڵکو ئامرازێکی گوتاریی بەمەبەست و تەکنیکی بازرگانی -سیاسی پێشوەختە داڕێژراوە , ( هەمان سەرچاوەی پێشوو , ٢٣٨) ئامانجی کۆتای ئەم پرۆسەیە , دروستکردنی کاریگەری و بەدەست هێنانی متمانەی بینەر و هێشتنەوەی جەماوەرە لەبەردەم شاشەکاندا بۆ خزمەتکردنی ئەو ئەجێندایانەی کە لەپشت بەرهەم هێنانی گوتارەکەوە وەستاون .

مەعریفە لە گوتاری کۆمەلآیەتیدا :

مەعریفەی کۆمەلآیەتی چۆنیەتی دروست بوونی زانیاری و باوڕە هاوبەشەکان لە ناو کۆمەڵگەدا دەخاتە ڕوو و پەیوەندیەکی نزیکی هەیە بە گوتار و ئایدۆلۆژیا .مەعریفەیی کۆمەلآیەتی چەمکێکی بنەڕتیە کە جەخت لەسەر چۆنیەتی پرۆسیسکردنی زانیاری و پێکهاتنی باوڕەکان لە ناو یادگەیی کۆمەلآیەتی دەکاتەوە , لێرەدا مێشك تەنها لایەنێکی بایۆلۆژی نییە , بەڵکو کۆگایەکە بۆ زانیاریە هاوبەشەکان ئەم جۆرە مەعریفەیە تەنها



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

كۆكردنەوەی زانیاریی نییە , بەڵكو بە شێوەیەكی كۆمەڵایەتی دروست دەبێت و وەك چوارچێوەیەك كار دەكات بۆ تێگەیشتنی ئەندامانی كۆمەڵ لە بارودۆخە كۆمەڵایەتیەكان .( van dijk,1998,28-48) , كەواتا ئەوە كۆزانیاریەكی تایبەتی نییە لە مێشكی یەك كەسدا , لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیای زانیندا مەعریفە بەبەۆهەمی پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان و گوتار دەبینرێت نەك تەنها وەك دیاردەیەكی عەقلی تایبەت واتا كۆزانین لەدەرەوەی كۆمەڵگا دروست نابێت , بەڵكو لە ناو پەیوەندییە گوتاری و كۆمەڵایەتییەكان پێكدەهێنرێت . بەم شێوەیە مەعریفە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێت بەهێز و دەسەڵات , چونكە ئەوەی لە گوتاردا وەك ڕاستی پێشكەش دەكرێت زۆرجار بەرهەمی ململانێی هێزە كۆمەڵایەتییەكانە , و ئەگەر ئەم مەعریفەیە خزمەت بە چەسپاندنی دەسەڵات بكات دەگۆڕێت بۆ ئایدۆلۆژیا.( mannheims, 1995,718-722) كەواتا كۆزانین بێلایەن نییە. لە هەمان كاتدا , زانین تەنها بیرۆكەیەكی ئەبستراكت نییە , بەڵكو پەیوەستە بە ئەزموونی ڕۆژانەی مرۆڤ و شێوازی ژیان كردن لە واقیعدا . بە واتایەكی تر كۆزانین ئەو شێوازەیە كە مرۆ ڤلە ڕێگەیی ئەزموون و ژیانی ڕاستەقینەوە تیدەگات و ڕێنمایی لە بڕیاردان و كردارەكانیدا وەردەگرێت . بەڵام ئەم كۆزانینەش ڕێژەییە , چونكە لە كلتوورێكەوە بۆ كلتوورێكی تر جیاوازە , ئەوەی لای كۆمەڵێك وەك ڕاستی دەبینرێت لای كۆمەڵێك و كلتوورێكی تر دەتوانێت وەك ئایدۆلۆژیا یان باوڕێكی سنووردار ببینرێت . ( هەمان سەرچاوەی پێشوو , ٧٢٢-٧٢٥) , بەم پێیە پەیوەندی نێوان مەعریفە و ئایدۆلۆژیا لە گوتاری كۆمەڵایەتیدا ئەوە دەردەخات كە چۆن كۆزانین لە ڕێگەیی گوتارەوە شێوە دەگرێت و دەگۆڕێت بۆ شێوازێكی قسەكردن و بیركردنەوە كە دەتوانێت یان ڕاستی دروست بكات یان بەرهەمی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا بێت .

بۆتێگەیشتن لە گوتاری كۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە سێ جیهانەوە :

١- جیهانی بابەت ( objective ) : گوتارەكە دەبێت ڕاست بێت .

٢- جیهانی كۆمەڵایەتی ( social ) : گوتارەكە دەبێت دروست بێت ( پەیوەست بە نۆرم و یاسایی ئەخلاقی )

٣- جیهانی ناوەكی ( subjective ) : قسەكەر دەبێت ڕاستگۆ بێت . ( پەیوەست بە نیەت و سۆز ) . (habermas, 1984, 278) , لە میدیایی بینراوی كوردیدا بینەر زۆرجار گومانی لە ڕاستگۆیی ( جیهانی ناوەكی ) قسەكەر هەیە ٬ ئەمەش وا دەكات ( هێزی گرێدەری ) گوتارەكە نەمێنێت , متمانەی كۆمەڵایەتی بڕوخێت , ( habermas, 1984,288) بۆیە گوتاری كۆمەڵایەتی ئەگەر یەكێك لەم سێ بانگەشەیە ( ڕاست و دروستی و ڕاستگۆیی ) تێدا نەبێت گوتارەكە دەبێتە گوتارێكی شێواو یان سەركوتكەكەر .

مێتافۆڕ لە گوتاری كۆمەڵایەتی لە میدیایی بینراودا :

لەگوتاری كۆمەڵایەتییدا , مێتافۆڕ تەنها وەك جوانكاریی زمان بەكار نایەت , بەڵكو وەك ئامرازێكی كاریگەر بۆ دروستكردنی واتا , ئاڕاستەكردنی بیركردنەوە كاریگەركردن لەسەر جەماوەر كاردەكات . لە میدیایی بینراودا مێتافۆڕەكان ڕۆڵێكی گرینگ دەبینن لە وێناكردنی واقیعی كۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان تاك و

دامەزراوەکاندا ,هەروەها مێتافۆڕ دەتوانێت هەست و ترس و ناسنامە و هەڵوێستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دروست بکات یان بیگۆڕێت .

مێتافۆرو پێکهاتەی گوتاری کۆمەڵایەتی :

لە دیاریکردنی شێوازی کارلێکی تاکەکان لە ناو دامەزراوەکاندا , نووسەر چەند جۆرە مێتافۆرێك بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندیانە وێنا بکات . یەکێك لەو مێتافۆرانە ( مێتافۆری کۆمەڵگە ) یە . لێرەدا کۆمەڵگە وەك شتێك پێشان دەدرێت کە پڕە لە ململانی٘و ناکۆکی , بۆیە هەندێك گروپ ( کەناڵ ) یان تاك هەوڵدەدەن خۆیان لەو ململانێیانە بشارنەوە یان دوور بکەونەوە .ئەم جۆرە مێتافۆرە ڕەخنە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەگرێت و ئاماژە بەو نایەکسانیانە دەکات کە لە کۆمەڵگادا هەن . پاشان نووسەر باس لە ( مێتافۆری بەرگری ) دەکات . ئەم مێتافۆرە بۆ ئەوە بەکار دێت کە ڕوونی بکاتەوە چۆن گروپە پەراوێز خراوەکان هەست بە نامۆ بوون و دابڕان دەکەن .واتا گروپە لاوازەکان هەوڵدەدەن خۆیان بپارێزن لە فشاری کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی گروپە بە هێزەکان . لێرەدا ( بەرگری ) تەنها واتای سەربازی نیە , بەڵکو ئاماژەیە بۆ پاراستنی ناسنامە بوون و مافە کۆمەڵایەتیەکان .هەروەها ( مێتافۆری تۆڕو کەناڵە داینامیکییەکان ) دەکات . لەم شێوازەدا پۆل یان کۆمەڵگە وەك تۆڕێکی پەیوەندی پیشان دەدرێت , کە هەر بەشدار بوویەك وەك نیشانەیەك یان خاڵێك لە ناو ئەو تۆڕەدا کاردەکات . مەبەست ئەوەیە کە مانا و پەیوەندیەکان بەردەوام لە گۆڕان و کارلێکن , نەك شتێکی جێگیر و نەگۆڕ . ئەم بیرۆکەیە زۆر نزیکە لە بیرکردنەوەی سیمیۆتیکی , چونکە مرۆڤەکان و زمان و نیشانەکان بە بەشێك لە سیستەمێکی مانا سازی دەبینرێن .خودی مێتافۆڕ وەك ( گواستنەوەی واتا ) پێناسە دەکرێت .(winkelmann, 1991,4-6) واتا مێتافۆڕ ووشەکان لە واتایی ئاساییانەوە دەگوازێتەوە بۆ واتایەکی قوڵتر و فراوانتر . بەم شێوەیە مێتافۆڕ دەبێتە ستراتیژیەکی زمانەوانی بۆ گۆڕینی کاریگەری زانیاری و ئاراستە کردنی تێگەیشتنی وەرگر , واتا کاتێك قسەیەك بەشێوەی مێتافۆری دەگوترێت کاریگەریەکی زۆرتر لەسەر بیرکردنەوە و هەست و تێروانینی بینەر و وەرگر دروست دەکات . لێرەدا خودی مێتافۆڕ وەك کردارێکی گوتاری پێناسە دەکرێت بەکارهێنانی مێتافۆڕ وەك گواستنەوەیەکی زارەکی , لە شێوەیەکی سادەوە بۆ شێوەیەکی پڕمانا , ستراتیژیەکە بۆ گۆڕینی کاریگەری زانیاریەکان . لەگوتاری کۆمەڵایەتیدا مێتافۆڕ ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە دروست کردنی ناسنامە و ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتییدا دەبینێت . گروپە کۆمەڵایەتیەکان زۆرجار بەهۆی مێتافۆڕەوە هەوڵدەدەن هەستی یەکگرتووی و پاراستن و دورخستنەوە دروست بکەن . یەکێك لە مێتافۆرە بەرجەستەکان ( نشتیمان وەك دایکە ) . لەم مێتافۆڕەدا نیشتیمان بە دایکێکی میهرەبان و پاریزەر وێنا دەکرێت . ئەم شێوازی وێنا کردنە هەستی خۆشەویستی و پاراستن و قوربانیدان لە ناخی تاکەکاندا دروست دەکات .(semino,2008,92 ) کاتێك دەگوترێت ( پێویستە بۆ پاراستنی دایك – نیشتیمان قوربانی بدەین ) ئەوە نیشتیمان تەنها خاك و سنور نابێت , بەڵکو دەبێتە بەشێك لە ناسنامە و هەستی سۆزداری مرۆڤ . بەم شێوەیە مێتافۆڕەکە هەستی یەکگرتووی نیشتیمانی بەهێز دەکات .

نموونەیەکی تر ( کۆمەڵگە وەك جەستە ) یە لەم مێتافۆڕەدا کۆمەڵگە وەك جەستەیەکی زیندوو وێنا دەکرێت و تاکەکان و گروپەکان وەك ئەندامەکانی ئەو جەستەیە دەبینرێن . کاتێك دەوترێت ( ئەودیاردەیە شێرپەنجەی کۆمەڵگایە ) ئەوە دیاردەکە بە نەخۆشیەکی مەترسیدار دەچووێنرێت .ئەم مێتافۆرە ترس و نیگەرانی دروست دەکات و لە هەمان کاتدا شەرعیەت بەو بیرۆکەیە دەدات کە دەبێت ( ئەوبەشە نەخۆشە ) لە

جەستەکە جیابکرێتەوە یان لابربێت . (هەمان سەرچاوەی پێشوو , ٩٢) واتا زمان لێرەدا تەنها وەسف ناکات , بەڵکو ئاراستەی هەڵوێست و بڕیارە کۆمەڵایەتیەکانیش دەکات . مرۆڤی سادە بۆئەوەی لە چەمکە قورسەکانی وەك ( تەمەن , کات , بەخت ) تێبگات پەنا دەباتە بەر مێتافۆرە بەردەستەکان .

کات وەك پارە : لە گوتاری ڕۆژانەدا دەڵێین ( کاتم بە فیرۆدا ) یان ( کاتم بۆ تەرخان بکە ) لێرەدا کات وەك شتومەکێکی گران بەها وێناکراوە  کە دەکرێت وەك ( پارە ) مامەڵەی پێوە بکرێت .

ژیان سەفەر : دەڵێین ( گەیشتە ئەنجام ) یان ( لە نیوەی ڕێگە جێی هێشتم ) ئەم مێتافۆرە وادەکات مرۆڤ وەك ڕێبوارێك تەماشایی خۆیی بکات کە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە .(lakoff&Johnson,1980,44-45)

مێتافۆر و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی :

دەسەڵاتە کۆمەڵایەتیەکان , وەك ( خێزان و ئاین و حیزب ) مێتافۆر بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆیان بەکاردەهێنن .

مێتافۆری ( باوکایەتی ) وێنەکردنی سەرۆك یان پیاوی ئاینی وەك ( باوکی ڕۆحی ) . ئەم مێتافۆرە جۆرێکە لە پیرۆزی بێدەنگ بوون لە بەرامبەر هەڵەکان دەسەپێنێت , چونکە لە کلتووردا باوك وەك کەسێك وایە کە ڕەخنەیی لێناگیرێت .( مێتافۆری پاراستن ) بەبەکارهێنانی ووشەی وەك ( قەلا , سەنگەر , سێبەر ) بۆ گروپە کۆمەڵایەتیەکان وا لەتاك دەکات هەست بکات لە دەرەوەی ئەم بازنەیەدا ( ڕووت و بێ پەنایە )

(مێتافۆری بەشەیتانکردنی ئەوی تر ) مەترسیدارترین جۆری مێتافۆرە لە گوتاری کۆمەڵایەتییدا , چونکە مرۆ ڤ لە مرۆڤبووندا دادەماڵێت .( مێتافۆری زیندەوەرە زیان بەخشەکان ) کاتێك لەگوتاری کۆمەڵایەتیدا دەگوترێت ئەو تاقمە وەك مێشوولەن یان ئەو بیرۆکەیە وەك میکرۆب بلاّو بووەتەوە ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئەم مێتافۆرە ڕێگە خۆشدەکات بۆت وندو تیژی , چونکە مێشك واڕادێت کە ئەوانە مرۆڤ نین و پێویستە قڕ بکرێن , نەك گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت . (smith,2011,125-145)

شیکردنەوەی مێتافۆر لە گوتاری کۆمەڵایەتی بەرنامەی خاکەڕایی دا

- ژینگە دایکە :

-ئەگەر ژینگە دایکی مرۆڤ نەبێت , مرۆڤ شیری لە کوێ دەست دەکەوێت : بواری سەرچاوە : بریتیە لەو لەو بوارە کۆنکریتی فیزیکیە کە ئێمە لەڕێگەیی ئەزموونی ڕۆژانە و هەستەکانمانەوە بە باشی دەیان ناسین , ئەم جۆرە مێتافۆرە نموونەیەکی شاهانە و زۆر چڕی مێتافۆرە لە زانستی درکپێکردن دا , پەیوەندی نێوان دایك و کۆرپە ئەمە پەیوەندیەکی بایۆلۆژی و ناسراو و پڕ لە سۆزە کە هەموان لێیی تێدەگەن شیر وەکو یەکەمین خۆراکی پاك و گرینگ کە ژیانی منداڵی پێوە بەندە . بواری ئامانج : بریتیە لەو بوارە مەنتیقی و دابڕاوەیی کە دەمانەوێت لێیی تێبگەین یان ڕوونی بکەینەوە . پەیوەندی نێوان ژینگە و مرۆڤ ئەمە چەمکێکی زانستی و ژینگەیی گەورەیە کە ڕەنگە بە ئاسانی هەستی پێنەکرێت . (lakoff &Johnson ,1980,33-34 )

نەخشاندن : پرۆسەی گواستنەوەی پێکهاتە و سیفات و پەیوەندیەکانە لە بواری سەرچاوە وە بۆ بواری ئامانج (lakoff &Johnson ,1980,3-5) ژینگە دایکێکی نەخشێنراوە کە بەبێ بەرامبەر سەرچاوەی ژیان بەخشە , سەرچاوە سروشتیەکان وەك شیر وێناکراون کە ئەگەر نەبن , کۆرپە ( مرۆڤ ) دەمرێت . بەمەش مێتافۆری پێکهاتەیی دروست دەکات .

-ژینگە دایکی هەموو مرۆڤایەتیە : بواری سەرچاوە : بریتیە لە دایکایەتی ئەم بوارە چەمکێکی کۆنکریتی و فیزیکی و ئەزموونییە کە لەسەرەتایی تەمەنی مرۆڤەوە لە ڕێگەیی هەستەکانەوە تاقیکراوەتەوە و مێشك

پێویستی بە ماندوو بوون نیە بۆ تێگەیشتن لێی , کە تێیدا دایك وەك سەرچاوەی بەخشینی ژیان خۆراك ( شیر ) و باوەشی گەرم و پاراستن لە مەترسیەکان و بنەمای گەشەکردن وێنا کراوە .

بواری ئامانج : بریتیە لە ژینگە و مرۆڤایەتی , ئەم بوارە چەمکێکی تاڕادەیەك دابڕاوە واتا ئەبستراکتە , فراوان و زانستیە کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك سیستەمی ئیکۆلۆژی و سەرچاوەی سروشتی و ئاو , هەوا و خاك , کە مرۆڤی هاوچەرخ زۆرجار بە هۆی دوور کەوتنەوەی لە سروشت ناتوانێت پەیوەندییە ڕاستەقینەکەی خۆی لەگەڵیدا هەست پێبکات .

نەخشاندن : گواستنەوەی لۆژیکییە لە سەرچاوە وە بۆ ئامانجەکە لەم پڕۆسەیەدا مێشك نەخشەی تایبەتمەندیەکانی دایك کۆپی دەکات و دەیخاتە سەر ژینگە , بەمەش دایك دەبێتە ( ژینگە ) کۆرپە دەبێتە ( مرۆڤایەتی ) شیری دایك ( دەبێتە سەرچاوە سروشتیەکانی وەك ئاو و خاك ) و باوشی دایك ( دەبێتە بەرگە هەوا و ئەو کەشە گونجاوەی ژیان دەپارێزێت ) ئەم نەخشاندنە لۆژیکێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت , وەك چۆن ئازاردانی دایك و بڕینی شیری دەبێتە هۆی مردنی کۆرپەکە بە هەمان شێوە تێکدانی ژینگە و ژەهراوی کردنی سەرچاوەکانی دەبێتە هۆی لە ناوچوونی مرۆڤایەتی , بەم شێوەیە مێتافۆڕەکە چەمکێکی قورسی زانستی و ژینگەیی دەگۆڕێت بۆ بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقی و سۆزداری قووڵ کە هەموو مرۆڤێك یەکسەر لێیی تێدەگات .( هەمان سەرچاوەیی پێشوو , ٣٣-٣٤ ) مێتافۆڕێکی پێکهاتەییە کە تێیدا فەوارەیەکی سروشتی دەکرێت بە مرۆڤ .

⋆ ژینگە جەستەیەکی زیندووە :

-لوولەی ئاوی گەرەکێك دەشکێت وەك ئەوە وایە خوێنی ئەو گەڕەکە برابێت : بواری سەرچاوە : ( جەستەیی زیندوو , کۆئەندامی سوڕانی خوێن ) ئەمە ئەو بوارە کۆنکرێت و بایۆلۆژییەی جەستەی مرۆڤە کە هەموو تاکێك ئەزموونی ڕاستەوخۆی لەسەر هەیە ,سیستەمی سوڕانی خوێن لە ناو دەمارەکاندا ,کاتێك دەمارێك دەبڕێت یان خوێن لە جەستەدا دەوەستێت ئەنجامەکەی مردن یان پەککەوتنی دەست بەجێیی جەستەیە .

بواری ئامانج : سیستەمی دابەشکردنی ئاو لە ڕێگەی بۆڕی و لوولەکانیەوە بۆ سەرجەم ماڵەکانی ناو گەڕەك . ئەمە ئەو کایە فیزیکی و شارستانی و دەستکردیە کە مرۆڤ دەیەوێت لە ڕێگەیی تێکچوونیەوە قەبارەی مەترسی و گرینگیەکەی بۆ سەر ژیانی ڕۆژانە ڕوون بکاتەوە .

نەخشاندن : لێرەدا مێتافۆڕی ( کۆمەڵگە جەستەیە ) کاردەکات گەڕەك وەك جەستەیەکی زیندوو , لوولەکانی ئاو وەك دەمارەکانی و ئاوەکەش وەك خوێن نەخشێنراون . شکانی لوولەکەشی وەك خوێن بەربوون یان بڕانی خوێن وێناکراوە کە سەرچاوەی یەکەمی و وزە و مانەوە لە جەستەدا نەخشێنراوە بۆ سەر ئاو کە سەرچاوەی مانەوەی گەرەکەکەیە .شکانی بۆڕی ئاو تەنیا کێشەیەکی تەکنیکی نیە . بەڵکو وەك بریندار بوونی جەستەی گەرەك و خوێن بەربوونی وێناکراوە ,کە ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت کۆمەڵگەکە ( جەستە ) بەرەو پەککەوتن و بێهێزی دەبات . ئەم وێناکردنە لە جۆری مێتافۆڕی ئەنتۆلۆژیە .

-کەسانێك هەن حەز بە ژینگە دەکەن , بەڵام ژینگە حەز بەوان ناکات : بواری سەرچاوە : بوارە پڕە لە زانیاری کۆنکریتی و ئەزمونکراوی مرۆڤ وەك ( پەیوەندییە مرۆییەکان , جەستە , جووڵە , هەستەکان ) ئەم بوارە بریتیە لە پەیوەندیی سۆزداریی نێوان دوو مرۆڤ ( حەزکردنی لایەنێك و ڕەتکردنەوەی یان بێباکی لایەنێکی تر ) ئێمە وەك مرۆڤ بەتەواوەتی لەو هەستە تێدەگەین کە چۆن کەسێك حەز لە یەکێکی تر دەکات بەڵام ئەو وەڵامی ناداتەوە.

بواری ئامانج :ئەوە ئەم چەمکە ئالۆزەیە کە دەمانەوێت ڕوونی بکەینەوەیان بڕیاری لەسەر بدەین ,بواری ئامانج بریتیە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە (سروشت ) ژینگە بوونەوەرێکی زیندووی خاوەن عەقڵ و هەست نیە , تا بەڕاستی حەز لەکەس بکات یان ڕقی لێبێت بۆیە بۆ تێگەیشتن لە تێکچوونی ئەم هاوسەنگییە پەنا دەبەینە بەر بواری سەرچاوە .

نەخشاندن : ژینگە وەك مرۆڤێکی خاوەن هەست و بڕیار دەر نەخشێنراوە حەز نەکردنی ژینگە لە مرۆڤ , ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی سروشتە بەرامبەر بەوکەسانەی بەدەم دەڵێن ژینگە دۆستین بەڵام بەکردار زیانی پێدەگەیەنن . ( هەمان سەرچاوەی پێشوو ,٣٣) کاتێك قسەکەر دەڵێت ژینگە حەز لەوان ناکات دەبێتە شۆکێکی دەروونی و وەرگر لە خۆیی دەپرسێت ئایا بۆچی دەبێت سروشت ڕقی لە من بێت وەڵامەکە بریتیە لەوەی کە خۆشەویستی ڕاستەقینە لە کردارە نەك بە قسە . بەمەش دەبێتە مێتافۆرێکی ئەنتۆلۆژی .

**ئەنجام**

١- زمان لە گوتاری کۆمەڵایەتیدا کایەیەکی داینامیکییە و مانا لە ڕێگەی کارلێکی نێوان قسەکەر، کۆنتێکست و پاشخانی کلتووری و کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنرێت، نەك تەنها لە ناخی وشەکاندا ..

٢- میدیای بینراوی کوردی لە قۆناغی پاش نەریتی بۆ پاراستنی کاریگەری و هەژموونی خۆی، ستراتیژی «تەکنەلۆژیزەکردنی گوتار» و «کەساندنی دەستکرد» بەکاردەهێنێت بۆ نزیکبوونەوە لە بینەر و بەدەستهێنانی متمانە.

٣- مێتافۆر ئامرازێکی مەعریفی و کۆمەڵایەتییە کە لە ئاراستەکردنی بیرکردنەوە و چەسپاندنی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت.

٤- مێتافۆرِی «بەشەیتانکردنی ئەوی تر» یەکێکە لە مەترسیدارترین جۆرەکانی مێتافۆر، چونکە نەیار لە مرۆڤبوون دادەماڵێت و هەلومەرج بۆ قبوڵکردنی توندوتیژی دروست دەکات .

٥-مێتافۆرە ژینگەییەکان وەك «ژینگە وەك دایك» توانیویانە چەمکە ئەبستراکتەکانی پاراستنی ژینگە بگۆڕن بۆ هەستی بەرپرسیاریەتی و پەیوەندییەکی ئەخلاقی و سۆزداری لەلایەن وەرگرەوە .

**لیستی سەرچاوەکان**


1- Eagleton, T. (1991). Ideology: An Introduction. London: Verso.
2- Fairclough, N. (1995). Critical discourse analysis: The critical study of language. London, England: Longman.
3- Habermas, J. (1984). The Theory of Communicative Action, Volume 1: Reason and the Rationalization of Society. Boston: Beacon Press.
4- Lakoff, G., & Johnson, M. (1980). Metaphors We Live By. Chicago: University of Chicago Press.
5- Mannheim, K. (1995). Ideology and Utopia. London: Routledge.
6- Semino, E. (2008). Metaphor in Discourse. Cambridge: Cambridge University Press.
7- Smith, D. L. (2011). Less than human: Why we demean, enslave, and exterminate others. St. Martin’s Press.
8- Van Dijk, T. A. (1998). Ideology: A multidisciplinary approach. London, England: Sage Publications.
9-Winkelmann, C. L. (1991). Social acts and social systems: Community as metaphor. Linguistics and Education, 3(1)(